# چەواشەکردنی مێژوو بۆ پاساوی هەڵوێستی نوێ

## "وەڵامێکی کورت بە وتووێژێکی عومەری ئیلخانی زادە لە گەڵ هەفتەنامەی ئاوێنە"

یوسف عەلی پور

پێنجشەممە 13ی سیپتامبر

"شیاوی باسە بەشێك لەم بابەتە لە ژمارە 87ی هەفتەنامەی ئاوێنەدا بلاو بۆتەوە"

لە لاپەڕە 6ی ژمارە 86ی هەفتەنامەی ئاوێنەدا وتووێژێکی کاك عومەری ئیلخانی زادە چاپکراوە کە بە قسەی خۆی لە بارەی قەیرانی ئێستا و رابردووی کۆمەڵەوە بۆ ئاوێنە دواوە. دیارە زۆربەی هەرە زۆری قسەکانی هەر بەناو رەخنە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و پێکهاتنی ئەو حیزبەیە و جەنابی پێی وایە کە "حیزبی کۆمۆنیست، کۆمەڵەی وێران کردوە". جارێ ئەوەیکە مەبەستی ناوبراو لە کۆمەڵە چییە و چلۆن کۆمەڵە بۆ خوێنەرانی ئەو هەفتەنامەیە پێناسە دەکات ئەوە خۆی شتێکە و چەواشە کردنی مێژوو و بە پێچەوانە نیشاندانی مێژووش سەبارەت بە کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران شتێکی دیکەیە.

بەڵام لێرەدا نابێ لە حەق بگوزەرێین و ئەو راستییانەش لە بەر چاو نەگرین کە عومەری ئیلخانی زادە و هاوقۆڵەکانی خراپ تێی کەوتوون و ناوبراو ئێستا بەو قسە سواوانە دەیهەوێ پاساوی هەڵوێست و سیاسەتە هەڵەکانیان لە 7 ساڵی رابردوودا کە لە کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست جیا بوونەوە پێناسە بکات. بێگومان لەوانەیە زۆر کەسی رارایی دیکەی وەکو ناوبراویش ئەگەر هەر لە وەها تەنگەژەیەکی سیاسی و سەرلێ شێواوی فکری دا گیرۆدە بوانایە، لەوانە بوو هەر ئەو کارەیان بکردایە کە کاك عومەر دەیکات و بەم چەشنە دەیهەوێ خۆی و هاوقۆڵەکانی لە هەموو ئەو هەڵە سیاسییانەی کە کردویانن، بێ بەری بکات.

لێرەدا لە بەردرێژ نەبوونەوەی بابەتەکە لە دووبارە کردنەوەی قسەکانی عومەری ئیلخانی زادە خۆم دەبوێرم و تەنیا تێبینییەکانی خۆم لە مەڕ چەند بەش لە قسەکانی بۆ خوێنەرانی ئەم هەفتەنامەیە دەخەمە بەر چاو.

پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران یەکێك لە رووداوە گرینگەکانی مێژووی سیاسی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیی ئێرانە و وەڵامێکی گونجاو بوو بۆ پێویستییەکی سیاسی و خەباتکارانە. رووداوەکانی ساڵەکانی سەردەمی شۆڕشی 1357 و بە تایبەت ئەو رووداوانەی کە کرێکاران تێیدا هێزی سەرەکی



PDF wurde mit pdfFactory-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

بوون، چەپی شۆڕشگێڕی لە خەو هەستاند و لە بێ باوەڕی بە چینی کرێکار و لە داوی تێئۆری پۆپۆلیستی و نامارکسیستانەی سەردەم ڕزگاری کرد. هەڵکردنی ئاڵای حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەڵامێکی گونجاو بوو بۆ ئەو وەزعە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا ئەشکەنجە و ئیعدام و سەرکوتی خوێناوی شۆڕشگێڕان بە شێوەیەکی وەحشیانە کەوتبۆ ڕێ، بانگەوازێك و بڕیارێك بوو بۆ موقاوەمەت و بەربەرەکانێی شۆڕشگێڕانە لە بەرامبەر سیاسەتی دژی ئینسانیی "شەلم کوێرم هیچ نابوێرم"ی کۆماری ئیسلامی ئێران. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە کاتێکدا پێکهات کە ڕژیمی ئێران شایی لۆغانی تێکشکانی ڕێکخراوە سیاسییەکان دەگێڕا، بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەو حیزبە سیاسییە تازە و پڕ لە هیوا و ورە بەرزە بوو کە پێشی بەوە گرت هەتا چەپی شۆڕشگێڕی ئێران لە ژێر ئەو گوشارانەدا لە ناو بچێت. شکستی ڕاپەڕینی 1357ی گەلانی ئێران و هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر چینی کرێکار و چەپەکان و دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین و بڕیاری مێژوویی بۆ موقاوەمەت و بەربەرەکانێ زەمینەی پێکهاتنی ئەو حیزبەیان وەکو پێویستییەك هێنابۆ دەستووری کارەوە. لێرەدا بە پێچەوانەی ئیددعاکانی عومەری ئیلخانی زادە، حیزبی کۆمۆنیست نەتەنیا کۆمەڵەی وێران نەکرد، بەڵکو پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئاسۆی ڕوونی بەڕووی کۆمەڵەدا کردەوە و هەست و کردەوەی شۆڕشگێڕانەی لە نێو ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوەیەدا بردە سەرێ و نەیهێشت کە پاشەکشە چەکداریەکانی بزووتنەوەی کوردستان ئاسۆی سیاسی خەباتکارانی کۆمەڵە لێل و ون بکات و تەنانەت بەری وێران بوونی کۆمەڵەشی لە سەردەمێکی دیاریکراودا گرت. بۆیە باشتر وابوو عومەری ئیلخانی زادە بە گوێرەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کات قسەی لە سەر حیزب بکردایە، نەك بە پێی ئەو هەلومەرجەی کە ئەمڕۆکە خۆی و هاوقۆڵەکانی تێی کەوتوون، قەزاوەت لە سەر ڕابردوو بکات.

هەرکەسێك بیهەوێ دەتوانێ ڕەخنە لە پێکهاتنی حیزب و لە کار و کردەوە و بەرنامەی ئەم حیزبە بگرێ، بەڵام ویستی ڕەخنە شتێکە و ئەو فاکتانەش کە بڕیارە ڕەخنەکە پێی پشت ئەستوور بێ، شتێکی دیکەن. ڕەخنەی ئاغای ئیلخانی زادەش خۆی لە خۆیدا شتێکی سەیر و سەمەرە نییە، بەڵام نابێ بۆ پاساوی هەڵوێستی نوێ دەست بداتە پێچەوانە نیشاندانی مێژوو. ڕەخنەگرتن لە کەسانی دیکە باشە بە مەرجێك ڕەخنەگر لەو ڕێگەیەوە ئاڵۆزیی فکری و تووڕەیی خۆی لە شکست و ناکامیی سیاسیی پرۆژەکانی لە گەل بەناو ڕەخنەگرتن لە لایەنی نەیاری تێکەڵ نەکات، دەنا دەبێ شەو و ڕۆژ دەستە و دوعا ڕاوەستێ بۆ ئەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ڕێکخراوە کوردستانییەکەی ( کۆمەڵە) تووشی نسکۆ بن با خەونە ئاڵۆزەکانی جەنابی بەدی بێت! ئەم بەڕێزە بۆ پشت ئەستوور کردنی قسەکانی خۆی تەنانەت ڕەحمی بە ڕابەری خۆشەویست و کۆمۆنیست کاك فوئادی مستەفا سوڵتانیش نەکردوە و ساڵانێك دوای مەرگی ئەو ئازیزە ئێستا خۆی بە وەکیلی ئەو دەزانێ و دڵنیایی خۆشی دەردەبڕێ و دەڵێ ئەگەر ئەو بمابایە ئەو



PDF wurde mit pdfFactory-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

ڕەوتە بەو ئاقارەدا نەدەڕۆیی، بەڵکو پێی وایە بە ئاقارێکدا دەڕۆیی کە ئێستا بە کەیفی دڵی جەنابیەتی. بەڵام لێرەشدا ئەو وتە بە نرخەی کاك فوئاد کە ساڵی 1353 کردی و ناوبراو وادیارە ئەو کاتیش هەر شتی وا بە بیریش دا نەهاتوە، لە بیر دەکات کە دەیگوت: " ئەو ڕۆژەی کە هەتاوی گەشی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەڵدێت، مژدەبەخشی هەستانی سووری کرێکارانە. ئەو ڕۆژە ڕۆژی توانەوەی بەستەڵەکی ستەمە، هاوڕێیان با هەتاو بزوێنین"

کاك عومەر و هاوقۆڵەکانی لە زومرەی ئەو کەسانە بوون کە هەتا دوایین مانگەکانی بەر لە ڕۆیشتنیان لە کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە لایەنگرانی کارکردن لەم شکڵ و قەوارەیەدا بوون کە ئەمڕۆ ئاوا ڕەخنەی لێدەگرن و بە کەمتر لە ڕێبەریی ئەم حیزبەش ڕەزایەتیان نەدەدا. کەچی دوای هاتنە کایەی پڕۆژەی ئیسلاحاتی سیاسی لە ئێران کە خاتەمی داڕێژەری بوو، ئەوانیش کاك فوئاد و ڕابردوویان لە بیر چۆوە و هەر ئەوەش یەکێك لەو هۆکارانە بوو کە وای لێکردن بە پەلەپڕووزە سەرەتا بە ناوی دژایەتی لە گەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئینشعابەکەیان ڕابگەیەنن و دواتر بە شوێن هۆکار و بەڵگەی مەحکەمەوە بن بۆ ئینشعابەکەیان.

بەمجۆرە بە پێچەوانەی هەمووی ئەو شتانەی کە دەیڵێن و ئیددعای دەکەن، گرفتی ئیلخانی زادە و هاوقۆڵەکانی ئەو شتانە نەبوون و نین کە هەر لە دوای لادانیان لە ڕێبازی حیزب و کۆمەڵە و تا ئێستاشی لە گەڵ بێ، لە دژی دەدوێن ( واتا قەوارە و چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیست)، بەڵکو گرفتی ئەوان هەروەك ناوبراویش بە دروستی لە وتووێژەکەیدا ئاماژەی پێدەدا، لە گەڵ کۆمۆنیست بوون و کرێکاری بوون و خۆ دەرباز کردنە لە ڕێبازی لێنین کە لە مێژ بوو باوەڕیان پێی نەمابوو، بەڵام لە بیانووی فکری و هەلومەرجی سیاسی دەگەڕان هەتا دەری بڕن. پڕۆژەی ئیسلاحات و دواتر هێرشی ئامریکا بۆ سەر عێراق و فەزای دژی کۆمۆنیستی لە جیهان و ناوچەکە ئەو مەجالە فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی بۆ کردنەوە. ئەم جەنابانە کە پڕۆژەی ئیسلاحاتی سیاسی لە ئێران و دواتریش پڕۆژە ئیمپریالیستییەکانی ئامریکا بۆ سەر ناوچەکە سەرخۆشی کردوون، دیاربوو کە بە بیروبۆچوونێکی چەپ و پێشکەوتنخواز نەیاندەتوانی خۆیان لە گەڵ ئەم ڕەوتانە ڕێك بخەن. ئەوان سەرەتا بۆ جێ خستنی بەرنامە و پلانەکانیان ناچار بوون کە بە دژایەتی لە گەڵ حیزبی کۆمۆنیست و بە ناوی کۆمەڵە بەڵام بە سیاسەت و ستراتیژێکی دیکەوە بچنە مەیدان بۆ ئەوەی بەشکم لە معادلاتی سیاسیدا حیسابێکیان بۆ بکرێت. ڕەوتی ئینشعابی کە ئیلخانی زادەش لە لووتکەی هەرەمەکەیاندا بوو، دەیویست بە ناوی کۆمەڵەوە هەموو ڕێباز و فەرهەنگە شۆڕشگێڕانەکانی کۆمەڵە هەرزان فرۆش بکات و لە ژێر پێ بنێ و جێگای خۆیشی لە ناو جەماوەری خەڵکی کوردستاندا بکاتەوە، بەڵام بە هۆی هەرچی زیاتر سیاسی بوونەوەی کۆمەڵگای



PDF wurde mit pdfFactory-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

کوردستان، شکستی پرۆژەی ئیسلاحاتی خاتەمی لە ئێران، ناکام مانەوەی ئامریکا لە عێراق و نەچوونە پێشی سیاسەتەکانی، هاوکاری نەکردنی هێزەکانی لە گەڵ ڕێکخراوەکەی کاك عومەر و بە تایبەت بە تایبەت پشت تێکردنی چەپی ئێران لە ئەوان نەتەنیا ئەو ڕێبازە نوێیەیان بە ناوی کۆمەڵەوە پێ جێ نەکەوت، نەتەنیا نەیانتوانی بەو ڕێبازە نوێ و لە هەمانکاتدا بیرە کۆنەوە ببنە پێشەنگی کۆمەڵگە، بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ هەرچی زیاتر ڕووی ڕاستەقینەیان بۆ خەڵك دەرکەوت، زیاتر تەریك کەوتنەوە و ئەوەش ئاکامەکەیانە کە ئەمڕۆکە دەیبینین.

تەنانەت بۆ ئەو مەسەلە نەتەوایەتییەی کە ئەوان بە ڕواڵەت هەموو دار و نەداری خۆیان لە پێناو بە سەرەنجام گەیاندنیدا داناوە و بە ڕواڵەت سینگی خۆیشی بۆ دادەدڕن، ڕاستگۆ نین. دەنا چۆن لە کاتێکدا کە خەڵکی مەهاباد چەند ساڵ لەمەوبەر کە بە گژ سیاسەتە سەرکوتگەرانەکانی کۆماری ئیسلامیدا چوونەوە، ئەوان لە وتوویژ لە گەڵ ڕادیۆیەکی سوئێدی ئامادەگی خۆیانیان بۆ وتوویژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی دەربڕی؟! یان دانیشتنی بە نهێنی و ژێر بە ژێر و بە دوور لە چاوی خەڵکی کوردستان لە گەڵ قوڵە مەئمورەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری سلێمانیە لە پێناو چیدایە ئەگەر ئێستاش پێیانوایە کە هیوایان بە جەماوەری خەڵك ماوە و لێی بێ هیوا نین؟! ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای قوڵە مەئمورەکانی خۆیەوە لە هەموو کەلێن و قوژبنێکەوە بە شوێن پیلانی جۆراوجۆردایە لە دژی خەڵکی کوردستان بۆ هەموان ئاشکرایە. تەنانەت دوکتور قاسملو سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی 1989 لە کاتێکدا کە خەریکی ئەم جۆرە بەناو گفتوگۆیانە بوو، تیرۆر کرا. بەڵام وادیارە ئەمانە هیچ کە مێژوو چەواشە دەکەن بەڵکو لە مێژووش دەرس وەرناگرن. یان ئەگەر هەر زۆر دوور نەڕۆین، لە مانگرتنی شکۆداری 16ی گەلاوێژی 1384ی هەتاوی کە بە بڕیاری کۆمەڵە ( ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) سازماندرا، ئەو جەماعەتە بە هەر لەونێك کە بۆیان دەکرا و تەنانەت بە دەرکردنی ڕاگەیاندنیش ویستیان خەڵکی لەم مانگرتنە شکۆدارە پاشگەز کەنەوە، کەچی دواتر کە مانگرتنەکە سەرکەوت هەر ئەو عومەری ئیلخانی زادەیە لە وتوویژێك لە گەڵ ڕادیۆکەیاندا بە تەواوی لە هەڵوێستی چەند ڕۆژ لەوەپێشی خۆیان پاشگەز ببۆوە و ئەمجارەش بێ ئەوەیکە وەڕووی خۆشیانی بێنن، خۆیانی دەکردە خاوەنی مانگرتنەکە و دەیگوت ئێمە وەڕێمان خستوە! هەڵبەتە بۆ ئەوەی کە قسەکەشی بۆ بچێتە سەری زۆر خێرا و بە پەلە ڕاگەیاندنەکەیان لە سەر سایتەکانیان لابرد بێ ئاگا لەوەیکە زەینی خەڵك ئیتر مەجالێك بۆ ئەو فێڵ و تەڵەکانە ناهێڵێتەوە. ئیلخانی زادە و هاوقۆڵەکانی ئەو کاتیش بە شوێن هەلپەرستییەکانی خۆیانەوە بوون، بەڵام تا وەخۆ هاتنەوە کار لە کار ترازابوو و ڕووی ڕاستەقینەی ئەوانیش بۆ جارێکی دیکە بۆ هەموان دەرکەوتبوو.



PDF wurde mit pdfFactory-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

عومەری ئیلخانی زادە لە وتووێژەکەیدا چوونی بۆ ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە هەڵە دادەنێ. بەڵام ئێستا و بە کردەوە و بە هۆی راستگۆ نەبوونیان لە گەڵ خەڵك و بە هۆی سیاسەتی روو بە دواوەیان نەك بەرەوپێشیان، بۆ زۆر کەس سەلماوە کە لادانیان لە رێبازی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست هەڵە بوە نەك چوونە ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. ناوبراو ئەگەر پێیوایە لە رابردوودا هەڵەی کردوە و ئەو کارەی بە هەڵە دادەنێ، خۆ لە کردەوەشدا نەیتوانی خەڵکی دڵنیا بکاتەوە کە جارێکی تر هەڵە ناکاتەوە، چوونکە ئەوان هەرچۆنێك بای هات ئاوا شەنیان کرد. نزیك بوونەوە لە لیبراڵەکانی ئێران، ساتوسەودا لە سەر بەرژەوەندییەکانی خەڵك لە گەڵ قوڵە مەئمورەکانی کۆماری ئیسلامی، سیاسەتی بەرە دروست کردن، سیاسەتی خۆرێکخستن لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی ئامریکا و دژایەتی کردنی مانگرتنی گشتی 16ی گەلاوێژ تەنیا چەند نمونەیەکن کە ناوەرۆکی راستەقینەی رەخنەی ئەوان دەردەخەن. کەسانێك کە هەر بە هەشت نۆ ساڵ جارێك هەڵەیەکی کوشندە دەکەن و فکر و حیزبێك دەگۆڕن، دەبێ خەڵکی کوردستان باوەڕ بە چییان بکات هەتا وەدووی ئەو جۆرە کەسانە بکەوێت؟!

بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە عومەری ئیلخانی زادە و هاوقۆڵەکانی کە لە پاراستنی هەلومەرجی ئێستادا و یان لە رێگاچارە بە شێوەی ئیمپریالیستی و بورژواییەکەی پێیانوایە کە شتێکیان چنگ دەکەوێ، لە گەڵ ئارمانی سوسیالیستی کێشەیان هەیە و بە شتێکی ناعەقڵانی و خەیاڵی ناوی دەبەن و سۆسیالیزم و ناسیۆناڵیزمیش دەخەنە بەرەیەکەوە و پێیانوایە کە هیچ دژایەتییەکیان پێکەوە نییە! ئەوانە بە دانی زانیاریی هەڵە و بە هەڵەدا بردنی بیروڕای گشتی دەیانهەوێ مرۆڤەکان لە راستییەکانی تاڵی ژیانیان دوور بکەنەوە و هەوڵدان بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە لە رێگەی پشت بەستن بە هێزی خۆیانەوە وەکو شتێکی لە کران نەهاتوو وێنا بکەن.

کۆتایی قسەش رو بە خوێنەرانی لاپەڕی کوردستانی ئاوێنە کە پێیوایە بە لێکترازانی سازمانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کە بەم دواییانە ناوەکەی خۆیان کردوە بە " حیزبی کۆمەڵەی کوردستان" کە دیارە ئەم گۆڕینی ناوەش هەر بە هۆی جووت نەبوونی ناو و ناوەرۆکیانەوە بوە، دەکەوێتە بەردەم سێ کۆمەڵە، هەر ئەوەندە بەسە کە بزانین کۆمەڵە تەنیا ناو نییە، بەڵکو ناوەرۆکە، هەڵوێستە، بەرنامەیە، ستراتژیە، رێبازە، بزووتنەوەیە و مێژووی خۆی هەیە. ئەگەر کەسێك بە رابردووی کۆمەڵە و مێژووی کۆمەڵە تەنانەت بەر لە پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشدا بچێتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە ئەوانە بەری چ گیایەکن و لە سەر رەگازۆی چ گیایەك سەوز بوون؟ کۆمەڵە یان هەر شتێکی دیکەی غەیری کۆمەڵە؟



PDF wurde mit pdfFactory-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de